کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
28-12-2006 19:00بەکاتی ناوەندی ئەورووپا

# ئافەرین بۆ ئەو کەسەی بە تەمای نیسکێ لە ئیمانێ ناگەڕێت.! دیسان لەبارەی زمانەوە ... موحسین جوامێر

هەولێر- کوردستان



بەم دواییە چەند بابەتێکم لەسەر کێشەی زمان و دیالێکتی کوردی نووسی، تیایاندا باسم لە هێندێ بانگەواز و بەیاننامەی کە لە چەند لایەنێکەوە دەرچووبوون، کرد.. لەو بڕوایە دام هەر یەکێکی ژیر و ئەزموونداروپیتۆڵ بیانخوێنێتەوە، دەزانێت پیلانێک لە (ماڵجیاکردنەوە) لە ئارا دایە، چ پێی بزانرێت یان نا.. چونکە ـ هەرووەک لەوێشدا ئاماژەم بۆ کردووە ـ بەو جۆرە بانگەوازانە ـ بمانەوێت یان نا ـ بەرەو پەرتەوازەییەکی وێرانکەری ئاوا دەچین کە ئەوسا بۆی هەیە شایەنی هەر ناو و نازناوێک بین، وەلێ شایەنی ئەوە نابین بڵێین کوردین یاخود کوردستانیین.

سەیرتر لە هەمووان ئەوەیە، بابەتەکان ـ بۆ گۆڕینی ڕێچکەی مەسەلەکە ـ مەودا و گۆڕەپانی دیکەیان درایێ، هەرووەک ئەمجارە ویسترا لە ڕێگەی تێوەگلاندنی ناوی مامۆستا سەلاحەددین بەهائەددین هەورامی ـ وەک خاوەن ڕێباز و بۆچوونێکی ئاشکرا ـ شتێک بە شتێک بکرێت، بەو هیوایەی ـ هەتا ئەگەر کەمۆکەیەکیش بێت ـ لە قۆناغی یەکەمدا شتێکی لێ هەڵبکرێت. هەر دەڵێی نازانن کە ئەوان لە کاتێکدا دەیانەوێت زەمی ئەو کەسایەتییە بکەن، ئەوەی ئەو لەبەردەم جەماوەری دنیادیتە و مێژووخوێندا قشت و شیرنتر دەبێت.. هەتا گریمان ئەو هەڵوێستەی ئەو بە مەرامی سیاسییش بووبێت، زۆر مەشرووعە، ئەگەرچی ـ لەو بڕوایە دام ـ ئەو بەهیچ کلۆجێک پێی خۆش نەبوو وتارەکەم لەبارەی هەڵوێستی ئەوەوە نووسی، بگرە چاوەڕێشی نەدەکرد. جگە لەوە، نووسەری ئازاد جاری ئاوا ڕاوێژ بەکەس ناکات، نەوەک ـ سەبارەت بە موجامەلات ـ نووسینەکەی سەقەت بێت و تەگەرەی بێتە پێش. !

ئەو خوێنەرە ئازیزەی وتارەکانی بەندەی خوێندبێتەوە، باش دەزانێت کە من ئافەرینی و دەستخۆشیم لەهەر سەرکردەیەکی کورد کردووە کە ـ وەک عارەب دەڵێن ـ نەخشی هێنابێت، بێ ئەوەی تۆمەتی هەواداری یا ئینتیما بۆ ئەم یا ئەو لایەن درابێتە پاڵم وسەرکۆنە کرابم.. کەچی کاتێ پەسندی هەڵوێستی مامۆستا سەلاحەددینم دا، چونکە وتی: ماڵجیاکردنەوەی لەهجەکان مەکرووف و مەکرووهە، هێندێک کۆمەڵ و دەستەوبەستە ڕاست بوونەوە و کەوتنە تەقە لێم، ئەوەی ناشایستە بوو وتیان و نووسییان.. ناشبێت ئەوە لەبیر بکرێت کە زۆر نووسەر ژیرانە لە مەسەلەکە دوان.

ئەو کارەی ئەو هاوخوێنە کوردانە لە ڕۆژنامە و ماڵپەڕەکاندا دەیکەن، لەهێندێک ڕووەوە، بە کاری کۆمەڵێک لە کوردە ئێزیدییەکان دەچێت کە خەریکە حاشا لە کوردایەتیی خۆیان دەکەن، لە کاتێکدا زۆر لە ئێمە کوردترن.. من لام وابێت ئەم حاڵەتە ـ هەروەها ـ ڕەنگدانەوەی تێرنەکردنی حەز و ئارەزووە چاوەڕوانکراوەکانە، نەک لەهجە.. بۆیە گەرەکە خەمخۆرانی کوردستان لەم ڕوانگەوە بۆ کێشەکە بچن، نەک بیانەوێت بە دەرمانێک سارێژی بکەن کە خۆی دەبێتە سەرچاوەی دەردگەلێکی دیکە.

من هەرووەک زەینی خۆم دەدەمە هێندێک نووسراو و ماڵپەڕان، بەدووری نازانم لە داهاتووداـ وەک ژنەنووسەری ئێزیدی عرووبە ناوێک کە لە ئەسڵی خۆی هەڵگەڕاوەتەوە و هەزار قسە بە کورد دەڵێت ـ لەلایەن کۆمەڵێ جەمع و جەماعەتانەوە، لافاوێ لە برووسکە و یاداشتنامەی پڕ لە قسەی ناشایستە و پڕ لە بوختان ئاراستەی لایەنەکان بکرێت، هەتا بەناوی نەدیتوو نەناسراویشەوە.

ڕاستییەکیش هەیە دەبێت هەمووومان بیزانین، ئەویش ئەوەیە ئەم جۆرە بابەتانە بە بەرژەوەندیی گەلەوە بەندن، ناکرێت لە ڕوانگەی بیروباوەڕ و حیزبایەتی و ئایدیالۆژیاوە بخرێنە بەر باس و

لێکۆڵینەوە، یاخود نان و پیازیان پێوە بخورێت، هەروەکوو لەم دواییەدا لەسەر لاپەڕەی چەند ڕۆژنامەیەک تێبینی کرا.. نەوەکا بوترێت مادەم فیسار کۆڕ و کۆمەڵ یان فلان کەسایەتیی سیاسی ئەو بڕیارەی دا و وتی دەبێت یەک شیوەزار خوشکی یا برای گەورە بێت، ئەوە با کوردستان بکەین بە شەقامی دیالێکتان و هەر یەک لە ئاوازێک بخوێنێت وهەموو ژیانمان ـ کە ڕەنگبێ پەشیش نەکا ـ بۆ فێربوونی دیالێکتی یەکدی تەرخان بکەین.. ئەوجا لە ئاخردا ناچار بین ـ وەک خووورەوشتی کوردانە ـ زمانیکی بێگانە بکەین بە سەرپشک. !

وەک چۆن هەڵەیە شێوەزارەکان ـ هەتا لە قۆناغی مەکتەبی سەرەتاییشدا ـ لە بەرانبەر زمانی ڕەسمیدا، قیت بکرێنەوە، ئاوایش هەڵەیە پیاو وا مەزەندە بکا بانگەواز بۆ یەک شێوەزار، واتای لەنێوچوونی لەهجەکان لە خۆ دەگرێت.. ئەوەی تۆزقاڵێکیش لە زماننناسی ئاگادار بێت، دەزانێت تا دنیا دنیا بێت لەهجە زێدە دەبێت ووەجاغی کوێر نابێت.

ئافەرین بۆ ئەو گەلەیش بە تەما و خۆزگەی خەیاڵاوی، واز لە زمانی ڕەسمیی خۆی کە هەم ڕەگی داکوتاوە و هەمیش بەری داوە، ناهێنێت و بە تەمای نیسکێ لە ئیمانێ ناگەرێت. !

mohsinjwamir@hotmail. com